


((ئەو وێنە مێژووییەی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود لە ساڵی 1992دا گیراوە!))

**گۆشەی "دیمانەی خەیاڵی".. گۆشەیەکە دەکرێت دوو حەفتە جارێک میوانداری بەرپرسێکی کوردستان بکات (هەڵبەتە ئەگەر بەخەیاڵ ڕازی بن!)..**

**تێبینیەکی گرنگ؛ لە کاتێکدا ئەم دیمانانە هەموویان دیمانەی خەیاڵین، پێدەچێت جارجارێک ماوەی نێوانیان لە دوو حەفتە کەمتر یان زیاتربن، چونکە مەرج نیە دوو حەفتەی خەیاڵ پڕاوپڕ دوو حەفتەی ڕاستەقینە بێت..**

**دیمانەیەک لەگەڵ یەکێک لە گەورە بەرپرسانی یەکگرتنی هەردوو ئیدارەکە**
**سازدانی دیمانە؛ ئەفسانە** 15.11.2005

## ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا!

**ماوەیەکی زۆرە دەنگۆی یەکگرتنی دوو ئیدارەکەی باشوری کوردستان بۆتە بنێشتە خۆشەی سەر دەمی خەڵکی و هەریەکە بەجۆرێک دەیجوێت.. هەر دەمەو دەنگ و باسێک بڵاودەبێتەوە و جگە لە بەرپرسە هەرە گەورەکان، هیچ کەسێکی تر بەتەواوەتی ڕاستودروستی بابەتەکەی لا نیە.. لە کاتێکدا یەکگرتنی دوو ئیدارەکە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا بەبڕوای من هیچ شتێک لە باری ئێستای کورد ناگۆڕێت، ڕەنگە جۆرە ئاسودەییەک بداتە خەڵکانی ئاسایی و چیتر نەپرسن؛ ئەرێ یەک دەگرنەوە؟ کەی؟ دە دڵمان تەقی کەی دەبنەوە یەک؟ کەی دەبین بە یەک دەنگ؟...هتد.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من خۆم پێم سەیرە کە دەبیستم "دوو ئیدارەکە یەک دەگرنەوە"، چونکە لەو حاڵەتەدا باس لە دوو شت دەکەین کە کاتی خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان یەک بوون و دواتر جیابوونەتەوە و وا دیسانەوە خەریکن یەک دەگرنەوە. بەڵام لەدیدەی منەوە ئەو دوو ئیدارە کوردیە هیچ کاتێک بەپێی پێویست و لە بنەڕەتەوە یەک نەبوون هەتا ئێستاکە یەک بگرنەوە!، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە دوو پارتی جیاوازبوون، دوو ڕەوتی جیاوازبوون.. واتە ڕاستتریکە بڵێین دوو ئیدارەکە دەبنە یەک! دوو حوکمەتە خەیاڵیەکە دەبنە یەک حوکمەتی خەیاڵی.. هتد
بەهەرحاڵ هەر بۆ ئەوەی زیاترێک تیشک بخەینە سەر دواهەواڵی یەکگرتنی دوو ئیدارەکە، هەر بەخەیاڵ ڕوومان کردە گەورە بەرپرسێکی ئەو دوو ئیدارەیە، بەو ئومێدەی لەو بارەیەوە وەڵامێکی ڕاشکاومان دەست بکەوێت..

ئەفسانە؛ بەڕێزم هەرچەندە ئێمە دەوڵەتێکمان نیە کە پێی بڵێین "دەوڵەتی کوردی"، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین دوو حوکمەتمان هەیە.. ئەمەش حاڵەتێکی زۆر ناوازەیە و دەتوانم بڵێم لە مێژودا شتی وا ڕوینەداوە کە دەوڵەتت نەبێت و لەبری حوکمەتێک دوو دانەت هەبێت.. ئێوە چۆن هەبوونی ئەو دوو حوکمەتەمان بۆ ڕوندەکەنەوە؟ هەر هیچ نەبێت باشترێک نەدەبوو گەر یەک حوکمەتمان هەبوایە، گەر یەک بگرن و لە جەنگەڵی نوێی عێراقدا ببنە یەک دەنگ؟

وەڵام؛ قسەکانت ڕاستە، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا هۆی ئەو دوو حوکمەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای ڕاپەڕین.. ئەو کاتە ئێمە لەو بڕوایەدابووین حوکمەتێکی کوردی زەروربێت.. دواتر لێت ناشارمەوە لەپاش بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەوجا بڕیارماندا لەبری حوکمەتێک دوو دانەی عەنابی پێکبهێنین کە هەموو مافەکانی گەلی کوردی ستەمدیدە دەستەبەربکات.. وتمان دوو دانە لە یەکێک باشترێکە و ئەگەر ئەمیان نەیگرت، ئەوا بەشکم ئەوی تریان بیگرێت.. زۆر بە کورتی دەتوانم بڵێم خەڵکی پێیان وایە یەکگرتنی دوو ئیدارەکە سودی بۆ کورد زۆربێت و بەو شێوەیە یەک دەنگ دەبین و هتد، بەڵام لە بنەڕەتدا هۆی سەرەکی دامەزراندنی ئەو دوو حوکمەتە "گرتن" بوو نەک یەکگرتن، مەبەستەکە لەوەدا بوو کە زۆرترین شت بگرین.. بەڵام ئەوەش هەر لەبەر دڵسۆزی ئێمەیە بەرامبەر ئەم گەلە بەشخوراوە..

ئەفسانە؛ ببورە، بەڵام ئەتانەوێت چی بگرن؟

وەڵام؛ وەڵا خۆی لە ڕاستیدا ئێمە گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتەی کە هەبوون و نەبوونی دەوڵەت وەک یانسیب وابێت.. جا لەو ڕوانگەیەوە (هەروەک یانسیب) ئەگەر دوو شەنست هەبێت باشترێکە لە یەک دانە، واتە ئەگەر ئەم یەکەیان نەیگرت، ڕەنگە ئەوی تریان بیگرێت.. گرنگ ئەوەیە کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشێوەیەک لە شێوەکان یەکێکیان بیگرێت و بیبەیتەوە.. ئێمە هەر لەم ڕوانگەیەوە هەوڵماندواوە شتێکی گرنگ و پڕبەها بگرین..

ئەفسانە؛ هاوار بەماڵم ئەو شتە چیە؟

وەڵام؛ ئەو شتە لە یانسیبەکە زۆر گرنگ ترە.. ئێمە لە هەردوو لاوە بەردەوام هەوڵمان داوە وەک زۆربەی شوێنەکانی تری دونیا کە بەئاشکرا ئەو شتە بێمانایە بگرین و گەلی کورد لەداکەوتوویی ڕزگاربکەین.. دیسانەوە لێرەشدا هەتا زۆرتریک بین باشترێکە، هەربۆیە دوو حوکمەتمان هەیە.. زۆرجار تەنانەت لە کوردستانەوە دەستمان بۆ درێژکردووە، بەڵام تائێستاکە بەداخەوە نەمانتوانیوە بەتەواوەتی دەستی بەینێ.. هەرچەندە لەڕادەبەدەر حەزمان کردووە بیگرین، بەڵام چیبکەین تا ئێستا هەر هەوڵە و بەتەواوەتی دەستمانی لێگیرنەبووە.. بەداخەوە لەم وەزع و بارەی ئێستادا گرتنی شتێکی ئاوها گەورە و دوورەدەست مەحاڵە، بەڵام پەیمانمان داوە بە گەل کە بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت هەر بیگرین..

ئەفسانە؛ دە پێم بڵێ دڵم تەقی.. ئەو شتە چیە کە دەتانەوێت بیگرن و دەستمان نایگاتێ؟

وەڵام؛ یەخەی دوژمنە گیانەکەم.. دەبێت یەخەی دوژمن بگرین و داوای مافی گەلە ستەمدیدەکەمان بکەین.. چەندەها ساڵە دوژمنانمان مافمان دەخۆن، ئێ خۆ هەر دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان یەخەیان بگرین و لێیان بسەنینەوە، دەبێت ڕوبەڕوی ئەو ڕاستیە مێژوییانەیان بکەینەوە و پێیان بڵێین کە ئێمەی کورد هەین و یەخەتان بەرنایەین هەتا دان بە مافەکانماندا نەنێن.. ئێ لێرەشدا بوونی دوو حوکمەت باشترێکە، ئەوسا دەتوانین لە دوو لاوە هەوڵی گرتنی یەخەی دوژمن بەین.. دەتوانین لە دوو لاوە داوای مافەکانمان بکەین..

ئەفسانە؛ بەڕاستی ئێمەی کورد هەرچواردەورمان لە خوا بەزیاد نەبێت هەر هەمووی دوژمنە، ئیتر بۆ هێندە دورن؟

وەڵام؛ ڕاستە دوژمنمان زۆرن و لە چواردەوریشماندان، بەڵام خۆ هەروا بە ئاسانی نایەنە بەردەمت تا یەخەیان بگریت، هەروا بەئاسانی نادۆزرێنەوە، چونکە هەندێکیان بۆ ئەوەی یەخەیان نەگرین خۆیان کردووە بە دۆستی کورد.. زۆربەشیان ناهێڵن و هەروا بەئاسانی ناڵێن فەرموو ئەوە ملی کراسەکەم بیگرە و چیت دەوێت با بۆت جێبەجێ بکەم.. لە پێشدا دەبێت بیان دۆزینەوە، دواتر دەبێت یەخەیان بگرین، ئینجا قەناعەتیان پێبێنین و پاشانیش لێیان بسێنینەوە.. بەڵام جگە لەوانەش وەک وتم "گرتن" هۆی دامەزراندنی ئەو دوو حوکمەتەبوو..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ئەفسانە؛ جگە لە یەخەی دوژمن شتی تریش هەیە کە بیگرن؟**

**وەڵام؛ ئەی چۆن چاوەکەم، تا ئێستا چەندەها شتمان گرتووە و سەدان شتی تریش ماوە کە بیگرین.. هەر بۆ نمونە دەبێت دز و جەردە و گێرەشێوان و ناحەزانی کوردستان و دیموکراسیش بگرین.. ئێ خۆ ناکرێت واز لەو هەموو بەدڕەفتارانە بهێنین بە ئارەزوی خۆیان بێن و بچن و کوردستانە شیرینەکەمان بشێوێنن.. سەرلەنوێ لەم بارەیەشەوە هەبوونی دوو حوکمەت باشترێکە بۆ گرتنی ئەو کەسانە و دەتوانین بەو شێوەیە زیاترێکیان لێبگرین.. بەڵام بەدەر لەوانەش، دەبێت شتێکی گرنگی تریش بگرین..**

**ئەفسانە؛ ئەویان چیە بەڕێزم؟**

**وەڵام؛ دۆست.. دەبێت دۆستیش بگرین، هەتا دۆستمان زیاترێک بێت باشترێکە بۆ گەلی کوردی ستەم دیدە، دونیا گۆڕاوە و هیچ شتێک وەک جاران نەماوە و بەتەنها پێم وانیە بتوانیت شتی گەورە بگریت.. لەم سەردەمەدا دەبێت زوو زوو شتێک بەرەڵا بکەیت و شتێکی تر بگریت، دەنا هەقت دەخۆن، هەربۆ نمونە دەبێت هەوڵبدەین پۆستە گەورەکان بگرین، ئەگینا خەڵکی تر دەیانگرن.. لەبەر ئەو هۆیە جاروبار سەفەری دەرەوەی وڵاتیش دەکەین.. دیسانەوە لەم بارەیەشەوە..**

**ئەفسانە؛ .. هەبوونی دوو حوکمەت باشترێکە و زۆرترێک دەگرن.. وایە؟ توخوا نەتویست وا بڵێیت؟**

**وەڵام؛ بەڵی وایە، وا خەریکە لە ڕەوتی بیرکردنەوە و شێوەی تێگەیشتنمان تێدەگەیت، لەڕاستیدا هەر هەموو ئەو گرتنانە لەبەر خاتری دڵسۆزی گەلی کوردە ستەم دیدەکەیە.. دامەزراندنی دوو حوکمەتیش لەبنەڕەتەوە هەر لەبەر ئەو هۆیەبوو.. دەنا ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا.. گەر سەرنجت دابێت تاڕادەیەک جگە لە ناوەکانمان هەموو شتێکی ترمان کوتومت وەک یەکە.. هەر بۆ نمونە هەرچی بوجە و دارایی هەردوولامانە زۆر بە ڕون و ئاشکرایی خراوەتە ڕوو و هیچ پەردە و پۆشاکێکمان پێدا نەداوە، هەموو کەسێک دەتوانێت بزانێت پردێک یان پرۆژەیەک چەندی تێچووە و بەبێ ئەوەی بیکەین بە هەڵا و منەت بەسەر گەلەوە بە تەلەفیزۆنیش نیشانی دەدەین و بڕی پارەکەش ئاشکرا دەکەین.. دواتریش چەند جارێک بەدەستی ئانقەست لە دەنگ و باسەکاندا هەر پیشانی دەدەینەوە و پیشانی دەدەینەوە بۆئەوەی کەس گومان نەکات و نەڵێت ئەو هەموو پارە و موڵکلەی دەوڵەت چیان بەسەردێت و چۆن سەرف دەکرێن..**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جاری وا هەبووە پردێکی بچکۆلەمان دروستکردووە و لەبەر هۆی گرانی کەرەسەی بینا 150 بۆ 200 هەزار دۆلاری تێچووە، بەڵام گوێمان نەداوەتێ و وەک خۆی ڕاستیەکەمان لە کەناڵی تەلەفیزۆنەکانی گەلەوە بڵاوکردۆتەوە.. دواتریش بەداخەوە بیستومانەتەوە خەڵکی وردە گلەییان کردووە و وتوویانە ئاخر چۆن پردێکی ئاوها بچکۆلەی چەند مەتری کە بەهەزارحاڵ سەیارەیەکی بەسەردا دەڕوات، ئەو هەموو هەزار دۆلارەی تێچووە؟ بەڵام ئێمە گوێشمان نەداوەتێ، چونکە ڕاستین و دڵسۆزین و نەهاتووین پارەکە بەشێوەیەکی خراپ زایعبکەین یان نەهاتووین نیوەی بخەینە گیرفانی خۆمانەوە، بگرە زۆرجار لە گیرفانی خۆمان پارەمان خستۆتە سەر پرۆژەکان و قەتیش باسمان نەکردووە..

ئەفسانە؛ بەڵام بەڕاستی پێت ناخۆشنەبێت جارجارێک دەبیستین هەندێ لەو پارانە حەپەلوش[1] دەکرێن؟!

وەڵام؛ ئێ چاوەکەم دیسانەوە گرتنەکەیە.. ئەی پێم نەگوتیت بوونی دوو حوکمەت باشترێکە بۆ گرتنی دز و جەردەکان؟ ئەو هەموو دزانە چۆن بە یەک حوکمەت دەگیرێن؟ بێگومان هەتا پارە زۆربێت، دزو جەردەش زۆردەبن.. جاران پارە کەمبوو، لەبەرئەوە ژمارەی دزەکانیشمان کەم بوون.. ئێستاکە پارە زۆرە و دزیش زۆر بووە، بڕوات هەبێت ئەگەر دوو حوکمەتمان نەبوایە ئێستا دز بەڕۆژی نیوەڕۆ چاوی پیاوی دەردەهێنا.. هەر بە ئاشکرا وەسڵی شتەکانیان تەزویردەکرد و خڕ پارەکەیان دەخستە گیرفانیانەوە.. هەرئەوەندەت دەزانی فڵان کەس لەپارەی گەل و شەهیدان کۆشکێکی وەک کۆشکی سپی لە هەرە گرانترین گەڕەکی شاردا قوتدەکردەوە.. یان بۆ نمونە ڕیزێک دوکان و دە دوانزە "مۆنیکا"ی لەبەردەم ماڵەکانیاندا ڕیزدەکرد.. بەس نیە دوو حوکمەتمان هەیە و ناهێڵین شتی وا ڕوبدات.. ئێمە هەموویان ئەگرین، ئەوەی یەک تۆزقاڵ لە خەت لابات یەکسەر ئەیگرین، ئەی دوو حوکمەتمان بۆ چیە، ئەگەر شتێکی وا نەگرین؟ ئێمە بەردەوام لەوانە

---

[1] حەپەلوش؛ وشەیەکی دێرینی کوردیە، لە بنەڕەتدا لە وشەی "هەپەلوش"ی ئاڤێستاییەوە هاتووە.. دەڵێن کاتی خۆی زەردەشت بە ئەهریمەنی وتووە؛ "گەنمی جوتیارەکان "هەپەلوش" مەکە، ئەگینا دواتر ئەهورامەزدا خۆت "هەپەلوش" دەکا".. بەهەرحاڵ ئەو وشەیە ماوەیەکی زۆر بوو دیارنەمابوو (وابزانم چووبوو بۆ سەفەر بۆ وڵاتەکانی تەنیشتمان!)، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایدا دیسانەوە قوت قوت لەلای خۆمان سەری هەڵداوەتەوە و لەوەش دەچێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاترێک بەکاربهێنرێت.. بەکورتی واتە خواردنی ماف و پارەی کەسێک یان چەند کەسێک یان گەلێک بەدزیەوە و بەناهەقی.. بۆ نمونە باوە لەم سەردەمەدا دەڵێن؛ فڵان مەسئول پارەی پرۆژەکەی حەپەلوش کرد.. یان فیسار مەسئول بەئاشکرا لەگەڵ بەڕێوەبەری فڵان شوێندا بەشەریکی چەند تەنێک قیریان حەپەلوشکرد..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

دەگرین.. بەڵام جگە لە گرتنی ئەو دز و جەردانە و ئەو شتانەی تریش کە باسمان کرد، بەڕاستی دەبێت شتێکی هەر زۆر زۆر گرنگی تریش بگرین..

ئەفسانە: بۆ خاتری خوا ئەو یەکەیان چیە؟

وەڵام: بەرهەم..

ئەفسانە: بەرهەم ساڵح؟

وەڵام: نا نا، گیانەکەم.. تۆ بهێڵە قسەکەم تەواوبکەم.. دەبێت بەرهەم بگرین، دەبێت بەرهەمی خەباتی ئەو هەموو ساڵە هەڵڕێژین و بیخەینە بەردەستی ئەو خەڵکە ڕەش و ڕوتە.. ئێ خۆ نابێت ڕەنجی ئەو هەموو شەهید و ئەنفالکراو و کیمیابارانە هەروا بەبێ بەرهەم و بێهودە بڕوات.. شتی وا دەبێت؟ دیسانەوە لێرەشدا..

ئەفسانە:  .. هەبوونی دوو حوکمەت باشترێکە و زۆرترێک دەگرن.. وایە؟

وەڵام: وایە ڕاستدەکەیت.. گرتن باشە برا، لەدونیادا لە گرتن خۆشترێک نیە.. هەموو ژیان هەر گرتنە.. سەرتاپای ژیان بە گرتن دەست پێدەکات و بە گرتنیش کۆتایی دێت؛ تۆ بڕوانە.. هەر کە لەدایک دەبین یەکسەر مەمک دەگرین، نزیکەی ساڵێک دواتر پێدەگرین و لە کۆتایشدا مردن دەمانگرێت.. لەکاتی ژیانیشدا بەردەوام یان شتێک دەتگرێت یاخود شتێک دەگریت.. جاری وا هەیە فیکرەیەک دەتگرێت و هەموو دونیا پێت بەر نایات، چونکە وادەزانیت لەسەر هەقیت.. جاری وایە کەسێک لە قافدا دەگریت، چونکە خەریکە شتێکی قۆڕبکات.. یان دەچیت بۆ ڕاو و کەوێک یان ماسیەک دەگریت، چونکە حەزت لێیەتی.. یان لە پرێکدا کۆمەڵێ چەکدار چواردەورت دەگرن، چونکە بەدڵی ئەوانت نەکردووە و ڕەخنەت لێگرتوون.. گرتن و گرتن و گرتن.. هەموو ژیان هەر گرتنە، بژین ئەوانەی کە شت دەگرن.. لە بنەڕەتدا هەر کەسە و بەبیانوی شتێکەوە شتێکی دیاریکراو دەگرێت.. هەر بژین ئەوانەی کە بەدرێژایی ژیانیان شتێک لە شتەکان دەگرن.. گرنگ ئەوەیە هەمیشە شتێک بگرین.. بەڕاستی ئەم ژیانە بەبێ گرتن هیچ مانایەکی نیە.. بەڕاستی وەک وتم هەر لە دایک بوونمانەوە هەتا مردنمان یان شتێک دەگرین یان عەوداڵی گرتنی شتێکین.. هەربۆیە دوو حوکمەتمان هەیە، بۆ ئەوەی هەتا دەکرێت زیاترێک بگرین..

ئەفسانە: ئەزانی ئەوەندە باسی گرتنت کرد، منیش بەڕاستی ئا ئێستاکە حەزدەکەم شتێک بگرم و بەڵام هەرچەند دەکەم لە ڕوم نایەت پێت بڵێم؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

وەڵام؛ ئێ بۆ لە ڕووت نایەت گیانەکەم؟ خۆ وەکو سەلماندمان هەموو ژیان هەر گرتنە حەیاتەکەیە و هەر کەسەی بەبیانوی شتێکەوە شتێکی دیاریکراو ئەگرێت.. دەفەرموو بڵێ، بزانم تۆ ئەتەوێت چی بگریت؟

ئەفسانە؛ وەڵا ئەمەوێت.. ئەمەوێت هەر بۆ یادگاری ڕەسمێک لەگەڵ جەنابتا بگرم..

وەڵام؛ وتم ئاخۆ دەڵێی چی.. دەفەرموو کامێرات پێیە و چرکەی لێبەستێنە، بەڵام بۆ خاتری خوا دواتر بڵاوی نەکەیتەوە..

ئەفسانە؛ نا.. نا، خۆ منداڵ نیم... لەلای خۆم هەڵی ئەگرم، گەر متمانەشت پێم نیە ئەیدەم بە خۆت هەڵیبگرە..

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com